

راپۆرتێک لەبارەی

# گرفتی مین لە گەرمیان

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

شوباتی ٢٠٢٢

# بەشی یەکەم: راپۆرت

## یەکەم: قەبارەی کێشەی مین لە گەرمیان

### ١. ئاماری روبەری بە مین چێنراو

روبەری زەوی بە مین چێنراو لە گەرمیان نزیکەی ٦٠ ملیۆن مەتر دوجایە، لەو رێژەیەش تەنها نیوەی پاک کراوەتەوە.

جەلال شـێخ جەعفەر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان، دەڵێت: لە سنوری گەرمیان لە سەرەتادا (٦٠) ملیـۆن مەتـر دوجا زەویمان بـە مین چێنرابو، لە ئێسـتا نیوەی پاککراوەتـەوە، بەڵام تاوەکو ئێسـتاش (٣٠) ملیـۆن مەتر دوجا زەویمان ماوە و پاکنەکراوەتەوە.

وتیشـی: ئەو ناوچانەی کە مینی تێدایە خۆی لەمانە دەبینێتەوە: (لە پشتی نەفتخانە لە سنوری خانەقین، سنوری قەڵەمە تاوەکو مەرکـەز حـدود و پەروێزخـان، مەحمود قەجەر، بنـاری بەمۆ و خۆشـک و تاوگۆزی کـە ٢٥ لادێ لە خۆ دەگرێـت) هەمو ئەمانە تاوەکو ئێستا پاک نەکراوەتەوە مەترسی مینی تێدایە.

بەپێـی ئـەو ئامارانەی لەلایەن بەڕێوبەرایەتـی مین و کارمەندانی تیمی پاکسـازی مینەوە دەسـت یەکـەی چاودێـری کەوتوە ئەو ناوچانەی کە لە گەرمیان پاک کراوەتەوە ٪٧٠ـە.

پێشـڕەو نەجـم، کارمەند لە رێکخراوی هانـدی کاپ، وتی: «ئەو شـوێنانەی کـە کارم تێـدا کردوە لە سـنوری گەرمیـان خۆی لە (قەزای کفری، قەرەتەپە، هۆمەرمل، حەسـیرە، مەحمود قەجەر، کانـی ماسـی و ناوچەکانی دەوروبەری کـەلار)، ئەم جێگایانە کە گەڕاویـن زۆربـەی مینی تێدا بوە، بەتایبـەت مەحمود قەجەر کە ئێستاش تێیدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک ناوچەی جەلەولاش مینی تێدایە، بەڵام بەهۆی کێشەی سیاسی و ئەمنیەوە نەتوانراوە کاری تێدا بکەین».

دەشـڵێت: ئەو شوێنانەی گەڕاوین لە ٪٧٠ی پاککراوەتەوە، بەڵام شوێنە دورە دەستەکان رێکخراوەکان خۆیانی لێ نادەن.

ئەو رێکخرا و کۆمپانیانەی لە سـنوری گەرمیان کاریان کردوە لە بـواری هەڵگرتنەوەی مین، بریتی بون لە: رێکخراوی هاندی کاب، کۆمپانیاکانی هادۆ، رۆمیتاڵ، چاڵا و شاندیکا.

ئیسـماعیل ئەحمەد، کارمەند لە کۆمپانیای شـاندیکا و رێکخراوی هانـدی کاپ، بـاس لەوە دەکات: «ئەو شـوێنانەی کە گەڕاوم بۆ پاککردنـەوە لە سـنورەکە (کفری، مەحمـود قەجەر، عەلی میر، تازەدێ، بەرلوت، عیسایی، سەرەکەل، شەمێران، سەرتەکی بەمۆ و حەوشـکوڕو)، کـە رۆژی وا هەبو سـەرەتا ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ مینمان دەتەقانـدەوە، کـە ئێمە دەمـان دۆزیەوە و شـوێنەکەمان دیاری دەکرد».

وتیشی: ئەو رێکخراوەی کە کارم تێدا دەکرد سەرەتا ئۆفیسیان لە خانەقین بو بۆ ماوەی سێ ساڵ، دواتر هاتنە کەلار و خێرخوازی بو تاوەکو پێش کۆرۆنا کاریان دەکرد، دواتر رۆشتنەوە بۆ کەرکوک.

لە بەرامبەردا، جەلال شـێخ جەعفەر، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی گشـتی کاروبـاری مین لە گەرمیـان، دەڵێـت: «نزیکەی ٪٧٠ی ناوچەکانـی گەرمیـان لە میـن پاککراونەتـەوە، بـە تایبەت ئەو شوێنانەی کە نزیک بوە لە شوێنی نیشتەجێبون».



### ٢. ئاماری پاککردنەوەی روبەرە پیسبوەکان بە مین

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتیەکەش، رێژەی روبەری کێڵگەی مین و ئەوانەی کە پاککراونەتەوە، بەمشێوەیەی لایخوارەوەیە:

| سال | روبەری کێڵگەی مینی پاککراوە | روبەری ناوچەی مەترسیداری پشکنراو | مین و بۆمبی چێندرا و تەقەمەنی چارەسەرکراو | روبەری کێڵگەی مینی نوێی روپێویکراو |
|---|---|---|---|---|
| 2015 | 45258 | 217000 | 392 | 460095 |
| 2016 | 47968 | 51450 | 208 | 0 |
| 2017 | 46496 | 15730 | 490 | 0 |
| 2018 | 176733 | 369000 | 595 | 1,4,90165 |
| 2019 | 272171 | 1,710,865 | 1558 | 1,523,950 |
| 2020 | 0 | 553802 | 595 | 0 |
| 2021 | 15188 | 106750 | 840 | 30000 |


### ٠.٣ ڕێژەی قوربانیانی مین لە ٨ ساڵ دا

بەپێـی ئامارێکـی بەڕێوبەرایەتـی میـن لـە گەرمیان بۆ ماوەی سـاڵەکانی ٢٠١٤ تاوەکـو ٢٠٢١ قوربانیان و بریندارbون لە سـنورەکە بەمشێوەیە:

| ساڵ | قوربانی | بریندار |
|---|---|---|
| 2014 | -- | -- |
| 2015 | -- | -- |
| 2016 | 3 | 3 |
| 2017 | 1 | 0 |
| 2018 | -- | 1 |
| 2019 | 1 | 1 |
| 2020 | 1 | 1 |
| 2021 | 4 | 0 |

## ٤. کشتوکاڵی گەرمیان: مین کێشەی بۆ ئاژەڵداریی دروست کردوە

بەڕێوبەری گشــتی کشــتوکاڵی گەرمیان باس لەوەدەکات کێشەی مین لە هەندێک ناوچە کێشــەی بۆ کشــتوکاڵ دروست کردوە کە کەمتر بوەتەوە، بەڵام کێشەکە بۆ ئاژەڵداریی زیاترە.
شــادیە حســێن، دەڵێت: لە سنوری زەویە کشتوکاڵیەکانمان مین نیە لە ئێســتادا، تەنها لە گوندەکانی عەلی میر و مەحمو قەجەر نەبێت کە دو ساڵ پێش ئێستا ڕێکخراوێک هات و هەمو مینەکانی زەویە کشتوکاڵیەکان پاککرانەوە.
وتیشی: تەنها لە کەلی بێشکان لە نێوان سنوری خۆمان و ئێراندا گرفتی بۆ ئاژەڵەکان دروست کردوە بۆ لەوەڕ و خاوەن ئاژەڵەکان زەرەریان پێگەشتوە، ئەگەرنا وەک زەوی کشتوکاڵی گرفت نیە.




## ٥. شوێنە گەشتیارییەکانی گەرمیان مەترسی مینی تێدا نیە

بەڕێوبەری گەشــتوگوزاری گەرمیان دڵنیایی دەدات لەوەی ناوچە گەشتیاریەکانی سنوری گەرمیان هیچ مینێکی چێنراوی تێدانیە و مەترسی دروست ناکات لەسەر گەشتیار، باس لەوەش دەکات ئەو زەویانــەی کە دەکەوێتە دورووبەری ناوچە گەشــتیاریەکان و مینی تێدایە پەیوەندی بەوانەوە نیە.
هێرش فەیزوڵڵا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشــتی گەشتوگوزاری گەرمیان، وتی: لە ناوچە گەشــتیارییەکانی سنوری گەرمیان هیچ جێگەیەکمان نیە مینی تێدا بێت و مەترسی هەبێت، تەنانەت ئەو زەویانەشی کە بۆ پرۆژەی گەشتیاری تەرخان کراون هیچ مینێکی لێ نیە.
جەخــت لەوەش دەکاتەوە: ئەو شــوێنانەی کە دەکەونە ســنوری مەیــدان و دەربەنــد بێلولە هیــچ گرفتێک نیە، بــەڵام دەوروبەری شــوێنە گەشــتیاریەکان کە لە دەســەڵاتی ئێمە نیە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە.

## ٦. کاری پاککردنەوەی مین لەگەرمیان چۆن ڕێکخراوە؟

هەتا پێش ساڵی ٢٠١٤، لەگەرمیان هیچ دەزگایەکی تایبەت بە مین نەبوە، ئەوەی هەبوە ســەر بە ســلێمانی بوە یاخود ڕێکخراوەکان ئەنجامیان داوە.
جەلال شێخ جەعفەر، بەڕێوبەری گشتی کاروباری مین لە گەرمیان، وتی: کاری ڕوپێوی پچر پچر کراوە، ڕوپێویش جۆری هەیە ئەویش تەکنیکی و گشتیە.
پێشــتر ڕێکخــراوەکان کە بــە کۆمەکــی وڵاتان لە ســنورەکە بە پچرپچری کاریان کردوە، پاشــان لەگەڵ دامەزراندنی دەزگای مین لە سلێمانی، ئەوکارەی لە سنورەکە ئەنجام داوە.
لە ساڵی ٢٠١٣ بڕیار لە کردنەوەی بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری میــن لــە گەرمیان دراوە و ســاڵێک دواتر کراوەتــەوە، لەوکاتەوە تائێستا ئەو بەڕێوبەرایەتیە سەرپەرشتی دۆسیەی مینی سنورەکە دەکات.
جەلال شــێخ جەعفەر، وتی: بەهۆی قەیرانی دارایی و داعشــەوە، لە ســاڵی ٢٠١٤ــەوە کۆمپانیاکان لێرە کار ناکەن، بەڵام پێشــتر کاریــان کردوە، کۆمپانیاکان بەشــێوەی تەندەرین کارەیان کردوە پاش وەرگرتنی تەندەر لە حکومەتەوە، ڕێکخراوەکانیش بەشێوەی قازانج نەویستانە کاری پاکسازی و هۆشیاریان کردوە.

## ٠٧ چ پێوەرێک هەیە بۆ پاککردنەوەی ناوچەکان لە مین؟

وەک لەخشـتە و ئامارەکانـدا دەردەکەوێـت، بەشـی زۆری ئـەو شـوێنانەی کە هێشتا ماون لە سـنورەکە پاک بکرێنەوە لە مین، ناوچەی دورەدەسـتن. ئەمەش پرسیاری ئەوەدەهێنێتە ئاراوە کە چ پێوەرێک هەیە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکانی پاککردنەوە لە مین؟ لەوەڵامدا جەلال شـێخ جەعفەر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان وتی: بۆ روپێویکردن و پاکسازی کردنی ناوچەکان لە مین بەپێی شوێنەکانە هەر جێگەیەک زیاتر مەترسی لێبوبێت بۆ سـەر ژیانی هاوڵاتیان بـەو پێوەرە کارمان کردوە کە پلانی (A, B, C, D)مان هەبوە. رونیکردەوە: بۆ نمونە پلانی A کە زانیومانە نزیک بوە لە شوێنی نیشـتەجێبون ئـەوە لەو جێگەیـە کارمان کردوە و پاکسـازیمان کردوە.

لەبارەی ئەوەی بۆچی زۆربەی ئەو شـوێنانەی کە هێشـتا مینیان تێدایـە دورە دەسـتن؟ جەلال شـێخ جەعفەر، وتـی: «هۆکاری پاکنەکردنەوە شـوێنە دورە دەسـتەکان ئەوەیە کـە جێگەکانیان سـەختن، هەر بۆیە زیاتر گرنگـی دراوە بەو جێگانەی کە یەکەی نیشـتەجێبونی تیابوە یاخود لێوەی نزیک بوە، چونکە مەترسـی ئەبو بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان».

## دوەم: کێشەکانی پرۆسەی هەڵگرتنەوەی مین

## ٠١ قەیرانی دارایی کاری روپێوی ناوچە مینرێژکراوەکانی راگرتوە

بەپێـی بەدواداچونەکانـی یەکـەی چاودێـری حکومەتی خۆجێی گەرمیـان بەڕێوبەرایەتـی مین بۆ ماوەی ٢ سـاڵە نەیتوانیوە هیچ روپێویەکـی تایبـەت ئەنجـام بدات بەهـۆی نەبونـی ئۆتۆمبێلی پێویستەوە.

جەلال شـێخ جەعفەر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری میـن لـە گەرمیان دەڵێت: لە سـنوری گەرمیـان ناوچەمان هەیە مینـی تێدایـە و قابیلـی زیادکردنە، ئێمە لە قۆناغـی روپێویداین بۆ بەشـێکی زۆری ئەو ناوچانە، بەڵام وا بۆ ماوەی ٢ سـاڵە هیچ روپێویەکمان ئەنجام نەداوە، هۆکاری ئەمەش نەبونی پێداویسـتی بوە بەتایبەت ئۆتۆمبیل کە تەنها ٢ دانەمان هەیە، ئەوانی دیکەش هەموی گرێبەست بون بۆ ماوەی ٢ساڵە نوێ نەکراوەتەوە بۆمان. باسـی لەوەشـکرد: بڕیـارە ٥ ئۆتۆمبێلمان بۆ بکـڕن ئەنجومەنی وەزیرانیش رەزامەندی دەربڕیوە بۆ ئەو مەبەستە لە تەندەریندایە و چاوەڕوانیـن، بە کڕینی ئەو ئۆتۆمبێلانـە ئەوە دەتوانین ٢ تیم بخەینە کار و ١٠٠ هەزار مەتر دوجا زەوی پاکبکەینەوە.

وتیشـی: بەهـۆی قەیرانی داراییەوە زەرەرمەنـدی یەکەم بوین لە پرۆسـەی پاکسـازی مین، لەبەر ئەوەی ٪٩٠ی کارەکان راگیراوە، ئەوەی هەیە تەنها حاڵەتی لە ناکاوە کار دەکەین.

## ٠٢ کەمی تیمی پاکسازی مین

یەکێک لە ئاستەنگیەکانی بەردەم بەڕێوبەرایەتی مین لە گەرمیان کەمـی کارمەندی پاکەرەوەیە لە نێو بەڕێوبەرایەتیەکەدا کە تەنها سێ تیمی پاکسازی مینیان هەیە لە سنورەکەدا.

جەلال شـێخ جەعفەر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان، دەڵێت: کۆی گشتی تیمەکانمان لە بەڕێوبەرایەتی ٧ تیمن، بەم شێوەیە دابەش بون، ٣ تیمی پاکسازی مین هەیە، لەگەڵ تیمێکی تەقاندنەوە و تیمێکی روپێوی و تیمێکی میکانیکی و تیمێکی هۆشیاری.

جەختیشـیکردەوە: تیمەکانم بەشـێکیان لە ٨ کـەس پێکهاتون، ئەوانەشی کە کاری پاکسازی دەکەن ١١ کەسن بۆ هەرتیمێکیان. سـەبارەت بەوەی پێویسـتیان بە چەند تیمە، بەڕێوبەری گشـتی کاروباری مین لە گەرمیان، هێمای بۆ ئەوەشـکرد: پێویستمان بە ٣٠ تیمە.

وتیشـی: ئێمە گرفتی سـتافمان هەیە، بەجۆرێک زۆر کەس هەن لەگـەڵ رێکخـراوەکان کاریان کـردوە و راهێنـراون و چەندینجار داوامـان کـردوە تەنانـەت بە گرێبەسـتیش بۆمـان دانامەزرێنن، ئەمـەش کاریگـەری هەبـوە لەسـەر کارەکانمان، چونکـە ئەگەر بەمشـێوەیە بین ناتوانین بە ٥٠ سـاڵی دیکەش ناوچەکە لە مین پاک بکرێتەوە.

## ٣. کێشەی نەبونی بودجە

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان باس لەوە دەکات یەکێک لەو گرفتانەی ڕوبەرویان بوەتەوە نەبونی بودجەی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ناوچانەی کە ماوە لە سنورەکە لە مین پاکی بکەنەوە.

جەلال شێخ جەعفەر، دەڵێت: ئێمە بودجە و نەسریەمان کەمە بۆ چالاکیەکانمان کە خەرج دەکرێت تەنها ٣ ملیۆن دینارمان پێدەدرێت، لە کاتێکدا ئەگەر بمانەوێت بەردەوام کاربکەین و گرفتمان نەبێت مانگانە پێویستمان بە ١٠ ملیۆن دینار هەیە تەنها بۆ سوتەمەنی ئۆتۆمبیل و کارمەندەکان کە پاکسازی ئەنجام دەدەن.

هیمای بۆ ئەوەشکرد: ئەگەر بمانەوێت بکەوینەوە کار ئەم ئیمکانیەتە کەمەی کە هەیە کاری پێناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەو دۆخەشەوە هەر ئیدامەمان داوە و نەوەستاوین ئەگەر لە خۆشمانمان بڕیبێت، بەڵام تەنها حاڵەتە لە ناکاوەکان کاری لەسەر دەکەین.

## ٤. نەبونی هەیکەلەی ئیداری و سنورداری دەسەڵاتی ئیداری

پەیوەستە بە یەکەی ژمێریاری بەڕێوبەرایەتی کاروباری مینەوە لە سلێمانی، هەمو حسابات و وردبینی و هەر کارێک دەڕواتەوە ئەوێ، ئەمەش گرفتی بۆ ئێمە دروست کردوە.

وتیشی: هۆکاری نەکردنەوەی ئەم بەشە بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە فەرمانبەرەکانمان گرێبەستن و هەمیشەیی نین، چونکە یەکێک لە ڕێنمایەکان بۆ کردنەوەی یەکەی ژمێریاریی ئەوەیە کە ٣ فەرمانبەری هەمیشەیت هەبێت، کە تاوەکو ئێستا دابین نەکراوە سەرباری چەندینجار داواکردن.

جەختیشیکردەوە: ئەگەر بمانەوێت بە فعلی کاربکەین وەک بەڕێوبەرایەتی، ئەوا میلاکاتمان پێویستە.

جەلال شێخ جەعفەر، باسی لەوەشکرد: هەر بودجەیەک هەبوە پێشتر تۆمار کراوە لە بەڕێوبەرایەتی مینی سلێمانی، چونکە لە گەرمیان تەنها یەک تیم هەبوە هاتونەت ئێرە کاری پاکردنەوەیان ئەنجام داوە ئەویش لە سلێمانیەوە هاتون.



## ٥. سەرجەم فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی مین گرێبەستن

جەلال شێخ جەعفەر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان دەڵێت: بەڕێویەرایەتیمان خۆی لە ٧٠ کارمەند دەبینێتەوە جگە لە خۆم هەموی گرێبەستە، ئەمەش کاریگەری هەیە بەتایبەت لە روی ئیمتیازات و مافەکانیانەوە، چونکە هەر یەکێک لەو کارمەندانە بمرن بەهۆی مینەوە هیچ مافێکیان نابێت هیچ ئیمتیازێکیان نابێت.

دەشڵێت: ئەمەش کاریگەری هەبوە لەسەر کارەکانی ئێمە.

کارمەندانی بەڕێوبەرایەتیەکە نیگەرانن لەوەی کە هیچ ئیمتیازێکی فەرمانبەریان نیە.

شێرزاد محەمەد، کارمەندی تیمی پاکسازی مین لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان، وتی: بۆماوەی ١٩ ساڵە کار لەم بوارە دەکەم و خزمەتم هەیە کەچی تاوەکو ئێستا گرێبەستم، هیچ ئیمتیازێکمان نیە.

جەختیشی لەوەکردەوە: زۆر هەوڵمانداوە کە بکرێین بە هەمیشەیی، تاوەکو ئێستا نەکراوە، هاوڕێم هەبوە پەلەکانی لەدەست داوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچی بۆ نەکراوە چونکە گرێبەستە، ئەمە بۆ هەمومان هەر راستە.

## ٦. کێشەی سیاسی کۆمپانیای پاکسازی مینی لە گەرمیان نەهێشتوە

ئەو ململانێ حزبییەی کە لە زۆرێک لە سێکتەرەکاندا بونی هەیە، لەم بوارەشدا بەهەمانشێوە رەنگی داوەتەوە، ئەمەش وایکردوە ئێستا هیچ رێکخراوێک کە پێشتر چالاک بوە لەم بوارەدا، لە سنورەکەدا نەمێنێتەوە.

پێشڕەو نەجم، کارمەند لە رێکخراوی هاندی کاپ، وتی: بۆ ماوەی ساڵێکە هیچ کارێک ناکەین، هۆکارەکەشی جگە لە خۆپەرەستی و شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی هیچی دیکە نەبوە، چونکە ئێمە پێمان وترا کە لە هەولێر سکاڵامان لێکراوە بەهۆی ئەوەی ئێمە تیمێکی زیرەک و شارەزابوین لە پاکسازی کردنی مین لە سنورەکە.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەگەرچی ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتی بو، کەچی حکومەت دەستی وەرئەدا لە کارەکانیان هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە شەریک بون، هەندێک گەندەڵی کرا کارەکەیان بەجێهێشت.

«حکومەت چاودێری ئەکردین رۆژێک نە رۆژێک دەهاتنە گەرمیان لە دەزگای مینی سلێمانیەوە، ئەو شوێنانەی کە پاکمان ئەکردەوە سەردانیان ئەکرد هەڵەیەک هەبوایە لێپێچینەوەیان دەکرد». ئیسماعیل ئەحمەد، کارمەند لە کۆمپانیای شاندیکا و رێکخراوی هاندی کاپ وادەڵێت.

لە بەرامبەردا، جەلال شێخ جەعفەر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان وتی: شتی وانیە کۆمپانیاکان و رێکخراوەکان بەهۆی کێشەی سیاسیەوە ئێرەیان بەجێهێشتبێت، بەڵکو زیاتر لەو شوێنانە کاردەکەن کە نزیکن لە پارێزگاکانەوە، وەک خۆمان زۆر داواو پرۆپۆزەڵمان هەبوە، بەڵام گەرمیانیان بە لاوە گرنگ نەبو هۆکارەکەشی نازانین بۆ، هۆکارێکی تریش کە باسی لێوەدەکەن بۆ ئەنجام نەدانی چالاکی ئەو پاساوەیە کە وڵاتە کۆمەک بەخشەکان پارە نادەنە وڵاتێک کە خۆی خاوەنی نەوت بێت.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا کە رێکخراوی هاندی کاپ رۆشتوەتە پارێزگای کەرکوک بۆ کاری پاکسازی، لەوێ چاودێریان کەمتر لەسەرە و وەک هەرێمی کوردستان نین.

## ٧. خاوی پرۆسەکانی پاککردنەوە

ئەگەرچی لە دوای راپەرینەوە کار لە بواری پاککردنەوەی مین دا دەکرێت، بەڵام هێشتا نیوەی ناوچەکانی گەرمیان لە مین پاکنەکراونەتەوە، ئەمەش پرسیار و گومانی زۆر دروست دەکات.

لەمبارەیەوە بەڕێوبەری گشتی کاروباری مینی گەرمیان دەڵێت: پرۆسەی مین لە هەمو جیهان دا پرۆسەیەکی خاوە، چونکە ئەوەی پاکسازی ئەکان بە خێرای ناکرێت بەتایبەت لە ناوچەیەکی رەقی وەک گەرمیان، لەگەڵ ئەوەشدا مەترسی لەسەر ژیانی ئەو کەسە هەیە کە کارەکە دەکات، بۆیە دەبێت بە وریاییەوە ئەنجام بدرێت.

سەبارەت بەوەشی کە بودجەیەکی زۆر بۆ ئەم بوارە خەرج کراوە و دەستکەوتەکانیشی زۆر نین، جەلال شێخ جەعفەر وتی: من نازانم ئەو پارە زۆرەی کە باس دەکرێت کامەیە کە بۆ ئەم بەڕێوبەرایەتیە تەرخان دەکرێت، ئەگەر لە وەزارەتەکانی ترەوە سەیر بکەی کەمترین بودجە و خەرجی بۆ دەزگای مینە، ئەگەر وابوایە ئەوە ئێستا رێژەیەکی کەمان مابو کە پاکسازی بۆ بکەین.

بەڕێوبەری گشتی کاروباری مینی گەرمیان، پێشبینی خۆیشی پیشاندا کە ئەگەر پاڵپشتیەکان وەکو ئێستا بن و باش نەکرێن، ئەوا بە زویی ئەم دۆسیە چارەسەر ناکرێت. وتی: ئێمە ٣٠ ملیۆن مەتر دوجا روپێوی بکەین بە سێ تیمی پاکسازیەوە، ئەوا بە ٥٠ ساڵی دیکەش پرۆسەکە کۆتایی نایەت».

## ٨. نەبونی توێژینەوەی زانستی لە بوارەکەدا

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، هیچ توێژینەوەیەکی وردی زانستی لەبارەی کێشەی مینەوە لە گەرمیان ئەنجام نەدراوە لەلایەن پسپۆڕانەوە.

بەڕێوبەری گشتی کاروباری مینی گەرمیان جەختی لەمە کردەوە و وتی:

جەلال شێخ جەعفەر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی کاروباری مین لە گەرمیان وتی: وەک خودی خومان هیچ توێژینەوەیەکمان نەکردوە لە بوارەکەدا، چونکە ئەوە ئیشی ئێمە نیە و ئەرکمان پاکسازی و روپێوی و هۆشیاری و لەناوبردنی مینەکانە، بەڵام شوێنە ئەکادیمیەکانی گەرمیانیش هیچ کارێکیان لەو روەوە نەکردوە.

## سێیەم: کێشەی کارمەندانی بواری مین

### ١. گرفتی موچەی کارمەندانی پاکسازی مین

کارمەندانی پاکسازی مین دەڵێن: سەرباری ئەو کارە قورس و مەترسیدارەی کە ئەنجامی دەدەن موچەکانیان وەک پێویست نەبوە، بەتایبەت لەلایەن ڕێکخراوەکان و کۆمپانیاکانەوە.
پێشڕەو نەجم، کارمەند لە ڕێکخراوی هاندی کاپ، وتی: موچەکان لە کۆمپانیایەک یان ڕێکخراوێک بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕا، بە جۆرێک لە کۆمپانیاکان لە ٩٠٠ بۆ ٩٥٠ هەزار دینار بو، بەڵام لە ڕێکخراوەکان لە ١١٠٠$ دۆلارەوە بۆ ١٣٠٠$ دۆلار بو، ئەویش بەپێی پۆست بو کە وەرت دەگرت.

«موچەکانمان جیاواز بو بەجۆرێک لە کۆمپانیاکان مانگانە ٨٠٠ هەزاربو، کاتی زیادەش هەبو کە لە دوای کاتی خۆمان بمان کردایە یەک سەعات و بە ٧ هەزار دیناربو، بەڵام وەک ڕێکخراو جیاواز بو لە $١٠٠٠ دۆلارەوە دەستی پێدەکرد بۆ ١٥٠٠$». ئیسماعیل ئەحمەد، کارمەند لە کۆمپانیای شاندیکا و ڕێکخراوی هاندی کاپ وای وت.
ئەو دوکارمەندە باسیان لەوەشکرد کە موچەکان بەتایبەت هی کۆمپانیاکان کەم بوە و لەئاست سەختی ئیشەکەدا نەبوە.

### ٢. «گرێبەستی کارمەندان تەنها روکەش بوە»

بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لە نێوان کارمەند و ڕێکخراو و کۆمپانیاکانی پاکسازی مین کراوە لە گەرمیان کە دەبێت ژیانیان پارێزراوبێت چ لە روی مەعنەوەیە چ لە روی مادیەوە بەتایبەت ئەوانەی کە بریندار دەبن بەهۆی تەقینی مین پێیاندا و بەشێکی جەستەیان لەدەست دەدەن.
هەندێک لە ئەو کارمەندانەی کە کاریان کردوە و مین پێیاندا تەقیوەتەوە و بەشێکی جەستەیان لەدەست داوە، وەک ڕێکخراو قەرەبو کراوەتەوە و نزیکەی دە هەزاری دۆلاری پێدراوە، بەڵام لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هیچی بۆ نەکراوە.
پێشڕەو نەجم، کارمەند لە ڕێکخراوی هاندی کاب ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێت: «لە نێوان ئێمە و کۆمپانیا گرێبەست هەبو بە جۆرێک ئەو کارمەندی گرەنتی ژیانی هەبوایە و موچەی بۆدابین بکرایە و تەنانەت قەرەبوش بکرایەتەوە لە هەر حاڵەتێکی برینداربون یاخود لەدەستدانی بەشێکی جەستەی هیچیان بۆ نەکراوە بەتایبەت ئەوانەی برینداربون تەنها ٣٠ بۆ ٤٠ وەرەقە وەک قەرەبو پێی ئەدرا کە ئەمە زۆر کەمە».
بەپێچەوانەوە، ئیسماعیل ئەحمەد، کارمەند لە کۆمپانیای شاندیکا و ڕێکخراوی هاندی کاپ باس لەوە دەکات:»ڕێکخراوەکان باشبون وەک کۆمپانیاکان نەبون دەستت لێهەڵبگرن لە دوای مانگێک بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە بریندار ئەبون، ڕێکخراو کارتی تایبەتی بۆ کردبوی دەتتوانی بەکاریبهێنی بچویتایەتە هەر نەخۆشخانەیەک یان شوێنێکی تایبەت کە خۆیان دیاریان کردبو، لەگەڵ ئەوەشدا قەرەبوی بۆ کەسێک ئەگەر بەو هۆیەوە بمردایە ٤٠ هەزار دۆلار ئەبو».
جەختی لەوەشکردەوە: ئەمە بۆ کۆمپانیاکان جیاواز بو، لەبەر ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ حکومەت بو ئەوانە پارەیان بۆ دابین ئەکرد، ئەمانیش شوێنەکانیان پاک ئەکردەوە.
جەلال شێخ جەعفەر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان، وتی: فەرمانبەرانی گرێبەست کە لەلای ئێمەن بەپێی گرێبەستەکەیان کۆمەڵێک مافیان پێدراوە، بەڵام وەک فەرمانبەرێکی هەمیشەیی ماف و ئیمتیازیان نیە، بەتایبەت ئەگەر کەسێک شەهید بێت بەهۆی پاکسازیەوە داوتر هیچ موچەیەکی نابێت.

### ٣. نەبونی پێداویستی خۆپارێزی بۆ کارمەندانی پاکسازی مین

یەکێک لە ڕێگە چارەکان بۆ خۆپارێزی لە کاتی پاکسازی مین پێداویستی تایبەتە بەو بوارە، بەڵام بەشێک لەو کەسانەی کاریان لەو بوارە کردوە جەخت لەوە دەکەنەوە پێداویستی وەک پێویست نەبوە، بەڵام بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی مین ئەوە رەتدەکاتەوە.
پێشڕەو نەجم، کارمەند لە پاکسازی مین، هێمای بۆ ئەوەکرد: لە هەندێک کۆمپانیا کە کارم لەگەڵ کردون پێداویستی خۆپارێزییان خراپ بوە، هەندێکیشیان بەپێی پێویستی بو، لە کاتێکدا ئەو ئیشە ئاسان نەبو ژیانی چەندین کەس لە مەترسیدابو، کاری دەستی و میکانیکیشمان ئەنجام داوە.
وتیشی: حکومەت لەبەرامبەر ئەمە کە چاودێر بو و گەندەڵی زۆری تیابو لێپێچینەوەی وەک پێویست نەبو، لە کاتێکدا کە سەردانیان دەکرد چەندینجار سکاڵای خۆمانمان پێیان دەگەیاند، بە خاڵێک ئەیاننوسیەوە و هەر ئەوەندە بو، هیچ کات دەربەستی ژیانی ئەو کەسانە نەدەهاتن کە ئەو کارەیان دەکرد، چونکە هاوڕێم هەیە مینی پێدا تەقیوەتەوە و بریندار بوە یان قاچی لەدەست داوە.

شێرزاد محەمەد، کارمەندی تیمی پاکسازی مین لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان، وتی: ئێمە پێداویستیمان هەیە بۆ پاراستنمان بە ڕێژەی ٪٧٠، چونکە پەلەکانمان لە مەترسیە و پارێزراو نیە، هەشمان بوە بریندار بوە و دەست و قاچی لەدەست داوە کە لە تەنیشتی خۆمدابوە.
«ئەو کەلوپەل و پێداویستیانەی کە پێویستن هەمانە و هیچ کێشەیەک نیە، چونکە کارەکەی ئێمە پێویستی بەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەبوە بریندار بوە یان شەهید بوە«. کامەران محەمەد، جێگری سەرپەرشتیاری تیمی تەقاندنەوەی مین لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان، وا دەڵێت.
لە بەرامبەردا، جەلال شێخ جەعفەر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان دەڵێت: وەکو بەڕێوەبەرایەتیمان لە روی ئامێری پشکنین و پێداویستیەوە و لە روی تەکنەلۆژی گونجاویشەوە هیچ گرفتێکمان نیە.

## ٤. دانەمەزراندنی کارمەندانی بواری مین

ژمارەیەکی بەرچاو کارمەندی مین هەن کە ئێستا بەهۆی ئەوەی حکومەت داینەمەزراندون و کۆمپانیاکانیش لە سنورەکەدا نەماون، بێکار کەوتون.

پێشڕەو نەجم، ئاماژەی بەوە دا کە سەرباری بونی بڕوانامە و ئەزمون، بەڵام دانەمەزراوە.

وتی: «مافی ئێمە بو لە بەڕێوەبەرایەتی مین کار بکەین، بەڵام دانەزراوین و هۆکاری ئەمەش ئەوەیە واسیتەمان نەبو، نەک من بەڵکو هاوڕێکانیشم کە زیاتر بوین لە ٦٠ کەس».

ئیسماعیل ئەحمەد، کارمەند لە کۆمپانیای شاندیکا و ڕێکخراوی هاندی کاپ جەخت لە بونی ئەو کێشەیە دەکاتەوە.

وتیشی: نزیکەی ٢٥ بۆ ٣٠ کەس دامەزرا لە بەڕێوەبەرایەتی مین، بۆ ئێمەش هیچ کەسیش نەبو بە دوای دا بڕوات، بۆچی و زۆربەمان بێکارین؟

سەبارەت بەم پرسە، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە گەرمیان دەڵێت: لە سەرەتای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیمانەوە سودمان لەو کەسانە وەرگرتوە کە کارمەندی بواری مین بون و ڕاهێنان و بڕوانامەیان لە بوارەکە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا پێویستمان بە کارمەندی دیکە هەیە سێ ئەوەندەی ئێستا زیاتر، زۆر پۆستی بەتاڵمان هەیە کە نەمان توانیوە پڕی بکەینەوە، بەڵام دامەزراندن لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە.




## چوارەم: حکومەت چیکردوە؟

## ١. دانانی هێڵی گەرمی پەیوەندی

یەکێک لەو ڕێگانەی بەڕێوەبەرایەتی مین هەنگاوی بۆ ناوە دانانی هێڵی گەرمە بەمەبەستی پەیوەندی کردنی هاوڵاتیان لە بونی هەر حاڵەتێکی گوماناوی لەسەر مین لە گەرمیان.

جەلال شێخ جەعفەر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان دەڵێت: بەڕێوەبەرایەتیمان هێڵی گەرمی ژمارە ١٨٢ی هەیە بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی تیمەکانمان لە بونی هەر حاڵەتێکی دۆزینەوە یاخود گوماناوی مین لە سنورەکە.

وتیشی: بەردەوام بەردەستە وە هێڵەکانی کۆمپانیاکانی: زەین، ئاسیاسێل و کۆڕەک، دەتوانن پەیوەندی بکەن.

## ٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری

بەڕێوبەرایەتی مین ئاماژە بەوەدەکات تیمی هۆشیاریی بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترسی مین و ئاگەدارکردنەوەیان پێکهێناوە.
ئاکۆ محەمەد، سەرپەرشتیاری تیمی چالاکیەکانی هۆشیاری و راگەیاندنی مین لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان، وتی: ئێمە چەند جۆرێک چالاکیمان هەیە و بە قۆناغی جیاواز ئەوە دەکەین لە رێگەی تیمی تایبەت بەو بوارە، یەکێک لەوانە ئەنجامدانی سیمیناری تایبەتە بە بوارەکە، لە رێگەی پێدانی پرۆشەر و کتێبی تایبەت بە جۆرەکانی مین، دانانی پۆستەر لە شوێنە گشتیەکان و بۆردیشمان هەیە دامان ناوە لەسەر رێگاکان، ژمارەی پەیوەندی خۆشمان داناوە بۆ ئەوەی لە بونی هەر حاڵەتێک پەیوەندیمان پێوە بکەن.
وتیشی: یەکێکی دیکە لەو رێگانە سەردانکردنی ئەو ماڵانەیە کە لە گوندەکان هەن بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە مەترسی مینی لەسەرە.
جەختیشیکردەوە بۆ ماوەی دو ساڵە چالاکیەکانیان سست بون، هۆکاری ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ نەبونی ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ گواستنەوەیان، کە بەوتەی خۆی پێشتر ئۆتۆمبیلیان بە گرێبەست هەبوە، بەڵام حکومەت گرێبەستەکەی تازە نەکردوەتەوە.



## ٣. راهێنان کردن بە کارمەندانی پاکسازی مین

ئەو کارمەندانەی کە کاری پاکسازی مینیان ئەنجام داوە لە سنوری گەرمیان راهێنانی تایبەتیان بۆ ئەومەبەستە بینیوە، کە حکومەت و رێکخراوەکان ئەنجامیان داوە.
پێشڕەو نەجم، کارمەند لە رێکخراوی هاندی کاپ باسی لەوەکرد: بۆ ماوەی ٢ مانگ راهێنانم بینیوە لەسەر کارەکە، بڕوانامەی رێگەپێدراوم پێدراوە.
کامەران محەمەد، جێگری سەرپەرشتیاری تیمی تەقاندنەوەی مین لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان دەڵێت: بۆ ماوەی ١٣ ساڵە کاردەکەم لەم بوارە دا و چەندین راهێنانی تایبەتم بینیوە کە خۆی لە ٧ دانە ئەبینێتەوە، تایبەت بوە بەو بوارە لەلایەن حکومەت کراوەتەوە، بەبێ راهێنان ناتوانی ئەو کارە بکەی.
هاوکات، جەلال شێخ جەعفەر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان دەڵێت: هەمو ئەو کارمەندانەی کە لە پاکسازی مین کاردەکەن خولی راهێنانیان تایبەت بە جۆری پوچەڵکردنەوە و تەقاندنەوە بینیوە، کە لە ساڵی ٢٠٠٥ حکومەت خولەکەی کردوەتەوە، پێشتریش لەگەڵ کۆمپانیاکان و رێکخراوەکانی پاکسازی مین کاریان کردوە، رێکخراوەکانیش زۆر هاوکار بون بەتایبەت هاندی کاپ و یوئێن کە بە بەردەوامی ئەپدەیتی زانیارییەکانیان دەکردەوە.

# بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

- ١. لە سنوری گەرمیان نزیکەی (٦٠) ملیۆن مەتر دوجا زەوی بە مین چێنرابو هەیە، لەوریژەیە تائێستا نیوەی پاککراوەتەوە. بەشی زۆری زەویە پاکنەکراوەکان کەوتوەتە شوێنە دورەدەستەکانەوە، ئەمانەش بەزۆری شوێنی سەختن.

- لەماوەی (٨) ساڵدا لە سنورەکە، (١٠) کەس بەهۆی مینەوە بونەتە قوربانی و (٦)ی دیکەش بریندار بون.

- ٣. بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە گەرمیان، سەرپەرشتی دۆسیەی مینی سنورەکە دەکات، پێشتر رێکخراو و کۆمپانیاکان لە سنورەکەدا کاریان کردوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ـە و لەگەڵ کردنەوەی ئەم بەڕێوبەرایەتیە گشتیەدا، سەرپەرشتی دۆسیەی مین دەکات.

- ٤. بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مینی گەرمیان، بەپێی بەرنامە و بنەمایەک کاردەکات بۆ لەناوبردنی مینی سنورەکە، کە بە پلانی (A, B, C, D) ناوی دەبەن، بەشێوەیەک ئەولەویەت دەدەن بەو شوێنانەی کە نزیکن لە شوێنی نیشتەجێبون و مەترسیان بۆ سەر دانیشتوان زیاترە.

- ٥. بەڕێوبەرایەتی ناوبراو، بەدەست زۆر کێشەوە دەناڵێنێت، لە نمونەی نەبونی فەرمانبەری هەمیشەیی، نەبونی بودجەی پێویست، نەبونی ئالیاتی گونجاو بۆ بەردەوامی ئیشوکارەکانیان.

- ٦. کاری روپێوی و لەناوبردنی مین و تەقەمەنیەکان ئێستا زۆر سست و لاوازە، بەکاریگەریی قەیرانی دارایی و خەرجنەکردنی بودجەی پێویست بۆ دروستکردنی تیمی تایبەت بەم بوارە.

- ٧. کارمەندانی ئەم بوارە روبەڕوی زۆر کێشە دەبنەوە، بەشێکی زۆریان دانەمەزراون، ئەوانەشی دامەزراون بە گرێبەستن و مافیان دیارییکراو نییە.

## دوەم: راسپاردەکان

١. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە کار لە بواری مین دا دەکرێت، بەڵام بەپێی پێدراوەکان، هێشتا نیوەی روبەری زەویە پیسبوەکان بە مین پاککراونەتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە حکومەت جیدییتر کاربکات و بژاردەکان تاوتوێ بکات و هەنگاوی پێویست هەڵبێنێت.

٢. ئەگەرچی بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین هەیە لە سنورەکە، بەڵام زۆرتر ناوە هەتا دەزگایەکی تەواو فەرمی، چونکە هەم فەرمانبەری هەمیشەیی نیە، هەم بەش و هۆبەکانی بە تەواوی پێکنەهێنراون، بۆیە دەبێت ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت.

٣. سنورداریی ستاف و کەمبونەوەی چالاکیەکان، دەبێت لەلایەن بەرپرسانی سنورەکەوە بەهەند وەربگیرێت و کار بۆ چارەسەرکردنی بکرێت، چونکە بەپێی بەدواداچونەکانمان، لە ناوچەکانی دیکەدا دۆخەکە بەوشێوەیە نیە.

٤. لە غیابی کەم چالاکی و سنورداریی توانای حکومەت دا، پێویستە هانی هێنانی رێکخراوەکانی تایبەت بەم بوارە بدرێت بۆ کارکردن لە سنورەکە و پاککردنەوەی روبەرە پیسبوەکان بە مین، لەم رێگەیەشەوە دەرفەتی کار بۆ ئەو کارمەندە پسپۆڕانە دەڕەخسێنرێت کە بێکارن.

٥. نەبونی توێژینەوەی زانستی لەم بوارەدا، کەلێنێکی گەورەیە، بۆیە هانی دەزگا زانستیەکانی سنورەکە و بەتایبەتی زانکۆی گەرمیان دەدەین وەکو ناوەندێکی مەعریفی دیار، کە گرنگی زیاتر بەم بوارە و لێکەوتەکانی بدەن.

٦. برەوی زیاتر بە هۆشیاری بدرێت لە بواری مین و تەقەمەنی، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە حاڵەتەکە تیایاندا زیاترە یان هاوڵاتیان هاموشۆی دەکەن، بۆ ئەمەش دەتوانرێت سود لە رێکخراو و گروپە مەدەنیە خۆبەخشەکان وەربگیرێت.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکـی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED)ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروسـتکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروسـتکردنی فشـار بـۆ ئەنجامدانی پـرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشـەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. ئەحمەد حەمید
٢. زریان محەمەد
٣. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ -٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net